ورمێ... چوار کەس کەوتنە ژێر هەڕەسی بەفرەوە



ئەمڕۆ شەممە، حەمید مەحبوبی بەڕێوەبەری مانگی سوری پارێزگای ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕایگەیاند، لە گوندی ئاواتانی میرئاوای نێوان شاری نەغەدە و سەردەشت، چوار کەس کەوتونەتە ژێر هەڕەسی بەفرەوە و بەهۆیەوە یەکێکیان گیانی لەدەستداوە و سیانەکەی دیکەش بە سەروشوێنن.

 مەحبوبی ، بە میدیای فەرمی ئێرانی ڕاگەیاند، بڕیانی ئەمڕۆ بە ناوەندی کۆنترۆڵ و هەماهەنگی ئۆپەراسیۆنی پارێزگاکە ڕاگەیەندرا. بەهۆی بەفرباریین لە ناوچەی ئاواتانی لە شاری میرئاباد، چوار کەس بەسەروشوێن بون

ئاماژەی بۆشکرد، دەستبەجێ تیمەکانی بنکەی فریاگوزاری مانگی سوری نێلاس ڕەوانەی شوێنی ڕووداوەکە کران لە دوری 40 کیلۆمەتر بوو لە ڕێگەی سەرکی نێلاس- سەردەشت و تاکو ئێستا کەسێک گیانی لەدەستداوە.

بەڕێوەبەری مانگی سوری ورمێ وتیشی، "گیان بەدوای سێ کەسی دیکەش کە بەسەروشوێنن بەردەوامە"،

بۇبۇ ئۇيغى ناسنامىكىيان ئاشكرا بكات.